# پاراستنی یاسایی قۆناغی منداڵیی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێکارەکانی دادوەری لە کەیسەکانی ئیستغلالکردن و خراپ مامەڵەکردن بەرامبەر منداڵان لەسەر ئەنتەرنێت

فراوانبوونی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکان، مەترسییەکان و ئاڵەنگارییەکانی بەردەم پاراستنی منداڵانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادکردووە. ئەم گۆڕانکاریە منداڵانی ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەی ڕاستەقینە کردۆتەوە لە فەزای مەجازیدا، کە دیارترینیان بریتین لە خراپ بەکارهێنان (الاستغلال) و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵ بە ئۆنلاین. بە گوێرەی داتاکانی ناوەندی نیشتمانی بۆ منداڵانی ونبوو و خراپ بەکارهێنراو (NCMEC)، کە ناوەندێکی جیهانییە بۆ چاودێریکردنی ئەم جۆرە کەیسانە، عێراق لە ئێستادا لە پلەی هەشتەمی جیهانیدایە لە ڕووی ژمارەی ئەو ڕاپۆرتانەی دەربارەی خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵ پێشکەش بە ناوەندەکە کراون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە چوارچێوە یاساییە بەرکارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بە شێوەیەکی وورد و تایبەتمەند چارەسەری ئەم جۆرە تاوانانە نوێیانەیان نەکردووە. ئەمەش وایکردووە جێبەجێکردنی یاساکان لە سەر ئەم حاڵەتانە بکەوێتە ژێر کاریگەریی لێکدانەوە و «ڕاڤەی جیاواز»ی یاسایی، کە زۆرجار دەبێتە لەمپەر لە بەردەم دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری. لە هەندێک حاڵەتدا، ئەو منداڵانەی کە قوربانیی ئەم پێشێلکارییانەن، بەهۆی لێکدانەوەی هەڵە بۆ تێوەگلانیان لە کارەکەدا، وەک «تۆمەتبار» مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبنەوە.[١] لە هەندێک بارودۆخدا، قوربانییەکە (ڕزگاربوو) ناچاردەکرێت هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجامدەری تاوانەکەدا بکات.[٢] ئەم دەرەنجامانە نەک هەر زیانەکان گەورەتر دەکەن، بەڵکو دەبنە هۆی سڵکردنەوەی هاوڵاتیان لە هەوڵدان و پەنابردنە بەر دادگاکان، هاوکات ڕێگەخۆشکەر دەبن بۆ دەربازبوونی تاوانباران لە سزا، کە ئەمەش ژینگەیەکی لەبار بۆ تەشەنەسەندنی ئەم تاوانانە دەرەخسێنێت. لەبەر نەبوونی پرۆتۆکۆڵ و ڕێکاری تایبەت بە کەیسەکانی ئیستغلالکردن و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵ بە ئۆنلاین، پەرەپێدانی سیستەمێکی دادوەری منداڵدۆست گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵ لە کاتی پەنابردن بۆ دادگاکان.

## پاراستنی یاسایی قۆناغی منداڵیی: دیدێک بۆ چەمکەکە

منداڵیی قۆناغێکی یاسایی پارێزراوە کە دەوڵەت پابەند دەکات بە ئەنجامدانی ئەرکی چاودێریەکی باڵا. ئەم پاراستنە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە منداڵیی قۆناغێکی هەستیاری گەشەکردنە و ئاڕاستەی ژیانی مرۆڤ دیاری دەکات. لەم قۆناغەدا، منداڵان گۆڕانکاری خێرا لە توانای جەستەیی و هزری و سۆزداری و کۆمەڵایەتیاندا بەسەر دێت. هەر ئەزموونێکی خراپ لەم تەمەنەدا دەبێتە هۆی تێکدانی گەشەی تەندروستی منداڵەکە. بەهۆی باری لاوازی و تەمەنیانەوە، منداڵان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان و پاراستنیان پشت بە کەسانی تر دەبەستن؛ بۆیە ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەیە کە ماف و پاراستنی گونجاویان بۆ دابین بکات کە لەگەڵ پێداویستییە تایبەتەکانیاندا بگونجێت. ئەم پاراستنە یاساییە لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا جێگیر کراوە، بە تایبەت «پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ» کە عێراق لە ساڵی ١٩٩٤دا پەسەندی کردووە.[٣] پەیماننامەکە منداڵ وەک «خاوەن مافی سەربەخۆ» دەناسێنێت کە شایستەی چاودێری و هاوکاری تایبەتە. لەم ڕوانگەیەوە ، مافی ژیان تەنها مانەوە لە ژیان نیە، بەڵکو پابەندییەکی یاساییە لەسەر دەوڵەت بۆ مسۆگەرکردنی گەشەی جەستەیی، دەروونی، و کۆمەڵایەتی منداڵ لەسەر بنەمای «بەرژەوەندیی باڵای منداڵ».[٤]

لە چوارچێوەی ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ گەشەکردنی گشتگیری منداڵان، دەوڵەتان پابەندییەکی یاساییان لە سەر

---

١ لەوانەیە هەندێک لە ئەحکامەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی و هاوڕەگەزی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٨٨ هەموارکراو لە عێراق و یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٨٨ لە هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرێت بۆ لێپێچینەوە لە ڕزگاربووانی خراپ بەکارهێنان (الاستغلال).

٢ لە ماددەی (٣٩٨) لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ هاتووە کە ئەوانەی کە یەکێک لە تاوانەکانی دەستدرێژی سێکسیی ئەنجام دەدەن کە لەو بەشەی یاساکەدا هاتووە دەتوانن هاوسەرگیری لەگەڵ قوربانییەکان ئەنجام بدەن کە ئەمەش ڕاگرتنی داواکە و لێکۆڵینەوە و ڕێکارەکانی دادگاییکردنی لێدەکەوێتەوە.

٣ کۆمێنتی گشتی ژمارە (٢٥)ی سەر بە پەیماننامەکە باس لە جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی پەیماننامەکە دەکات لە ژینگەی دیجیتاڵیدا و ڕێنوێنی پێشکەش بە وڵاتە ئەندامەکان دەکات لەسەر جێبەجێکردنی لەو دۆخانەدا.

٤ بڕوانە ماددەکانی ٣ و ٦ و ١٧ و ٢٧ و ٣٢ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ.

شانە بۆ پاراستنی منداڵ لە سەرجەم شێوازەکانی توندوتیژی و ئیستغلالکردن و خراپ مامەڵەکردن و پشتگوێخستن.[5] ئەم پابەندییە، کارکردن بۆ شیاندنەوە و گەڕانەوەی قوربانی بۆ ژیانی ئاسایی دوای کەوتنەوەی هەر زیانێک دەگرێتەوە. هاوکات، لەو حاڵەتانەی کە منداڵ لە ژینگەیەکی ناتەندروستدایە یان لەژێر هەڕەشە و مەترسیدایە، پێویستە دامودەزگاکانی دەوڵەت دەستوەردانی یاسایی بکەن و هاوکاریی پێویست پێشکەش بکەن، لەوانە سوودمەندبوون لە پرۆگرامە کۆمەڵایەتییەکان یان دابینکردنی چاودێریی جێگرەوە (الرعاية البديلة) بەگوێرەی پێویست.[6] ئەگەر منداڵێک تووشی کێشەی یاسایی بوو، دەوڵەتانی ئەندام لەم پەیماننامەیە پابەندن بە دابینکردنی مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ تەمەنی، کە شکۆ و بەهای منداڵەکە بپارێزێت و هاوتەریب بێت لەگەڵ ئامانجی ئامادەکردنی بۆ ژیانێکی سەربەخۆ و بەرپرسیارانە لە ناو کۆمەڵگەدا.[7]

ئەم چەمکە لە ناو یاسا نێوخۆییەکانی عێراق و هەرێمدا ڕەنگی داوەتەوە. دەستووری عێراق، وەک باڵاترین بەڵگەنامەی یاسایی، پابەندی دەوڵەت بۆ چاودێریکردنی منداڵان و دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەشەکردنیان دوپات دەکاتەوە[8]، هاوکات، سەرجەم شێوازەکانی توندوتیژی و مامەڵەی نامرۆیی بەرامبەریان قەدەغە دەکات.[9] یاسا سزاییەکان لە ڕێگەی دەقە یاساییەکانەوە جەختیان لەم قەدەغەکردنە کردۆتەوە و ئەنجامدانی تاوان دژی منداڵان وەک «بارودۆخی توندکەرەوە» (ظرف مشدد) هەژمار کردووە، کە سزای قورستری بەدوادا دێت؛ ئەمەش بە مەبەستی ڕێگریکردن لە تاوان دژی منداڵان. سەرەڕای نەبوونی یاسایەکی تایبەتمەند و سەربەخۆ بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵ، بەڵام یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ وەک نموونەیەکی بەرچاو، کۆمەڵێک ئەحکامی یاسایی لەخۆ دەگرێت کە بە ئامانجی ڕێگریکردن لە ئیستغلال و سەرجەم شێوازەکانی خراپ مامەڵەکردن داڕێژراون. ئەم یاسایە ڕێگەخۆشکەرە بۆ دەستنیشانکردنی پێشوەختە و دەستوەردانی فەرمی لەو بارودۆخانەی کە ئاسوودەیی و سەلامەتیی منداڵ دەکەوێتە مەترسییەوە. هاوکات، یاساکە ڕێکاری «چاودێریی جێگرەوە» (الرعاية البديلة)ی وەک ئامرازێک لە کاتی پێویستدا جێگیر کردووە، بە مەبەستی گێڕانەوەی منداڵ بۆ ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی شیاو کە گەشە و پەروەردەیەکی تەندروست مسۆگەر بکات. جگە لەوەش، یاساکە کۆمەڵێک بنەمای ڕێکاریی داڕشتووە بە مەبەستی مسۆگەرکردنی مامەڵەی شیاو و ڕەچاوکردنی «بەرژەوەندیی باڵای منداڵ»، چ لە کاتی ئەنجامدانی سەرپێچیی یاسایی و چ لە کاتی هەبوونی مەترسیی لادان.

دەسەڵاتی دادوەری ڕۆڵێکی جەوهەری و بنەڕەتی دەگێڕێت لە چەسپاندنی «پاراستنی یاسایی قۆناغی منداڵیی» و جێبەجێکردنی ئەو پابەندییانەی کە لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و یاسا نیشتمانییەکاندا هاتوون. ئەندامانی دەسەڵاتی دادوەری، وەک بەشێک لە دەسەڵاتی گشتی وڵات، بەرپرسیارێتیی یاساییان لە ئەستۆدایە بۆ دابینکردنی پاراستنی پێویست بۆ منداڵان لە هەر زیانێک و کارکردن بۆ شیاندنەوەیان؛ ئەمەش جگە لە پێشکەشکردنی پشتیوانی بۆ ئەو منداڵانەی لەژێر مەترسیدان یان ئەوانەی لەبەردەم مەترسیی لادان و سەرپێچی یاساییدان. لێرەدا پێویستە بنەمای «بەرژەوەندیی باڵای منداڵ» وەک مەرجێکی بنەڕەتی لە هەموو قۆناغەکانی ڕێکارە دادوەرییەکاندا ڕەچاو بکرێت، بە شێوەیەک کە مسۆگەریی ئەوە بدات کە سەرجەم ڕێوشوێن و بڕیارەکان هاوتەریبن لەگەڵ پاراستنی سەلامەتی، خۆشگوزەرانی و گەشەسەندنی بەردەوامی منداڵ.

## کاریگەرییەکان لەسەر ڕێکارە دادوەرییەکان

منداڵان بە هۆکار و لە بارودۆخی جیاوازدا، بەرکەوتنیان لەگەڵ دەزگاکانی سیستەمی دادوەریدا دەبێت. هەندێک لە منداڵان وەک ‹قوربانی› (المجنى عليه) یان ‹گەواهیدەر› (الشاهد) پەنا بۆ دادگاکان دەبەن، بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری و داواکردنی قەرەبووی دادپەروەرانە (التعويض العادل) یان پشتیوانی بۆ شیاندنەوەیان دوای بەرکەوتنی هەر زیانێک. لە بەرامبەردا، دەکرێت هەندێکی تریان بەهۆی فشارە کۆمەڵایەتی، ئابووری یان ژینگەییەکانەوە تووشی لادان یان سەرپێچیی یاسایی بووبن، یان لەلایەن کەسانی ترەوە ئیستغلال کرابن و لە ڕێگەی فێڵ و تەڵەکە یان زۆرەملێوە بۆ کاری نایاسایی بەکارهێنرابن. بەهۆی سروشت و ئاڵۆزیی هەندێک تاوانەوە، دەکرێت لە هەندێک بارودۆخدا قوربانییەکان وەک ئەنجامدەری تاوان سەیر بکرێن و ڕووبەڕووی لێپێچینەوە ببنەوە. سەرباری جیاوازیی هۆکار و بارودۆخەکان، هەموو

---

٥ بڕوانە ماددەکانی ١٩ و ٣٩ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ.

٦ بڕوانە ماددەکانی ١٩و ٢٠ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ.

٧ بڕوانە ماددەکانی ٣٧و ٤٠ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ، هەروەها کۆمێنتە گشتییەکانی پەیوەست بەم ئەحکامانەوە، لە نێوانیاندا کۆمێنتی گشتی ژ. (٨) و ژ. (١٠) و ژ. (٢٤). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بۆ مامەڵەکردنی جیاواز لەگەڵ منداڵە قوربانییەکانی خراپ بەکارهێنان و خراپ مامەڵەکردنی سێکسیی منداڵ بە ئۆنلاین، بە دیاریکراویش، بڕوانە ماددەی (٨) لە پرۆتۆکۆلی ئیختیاری پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ لەسەر فرۆشتنی منداڵان، لەشفرۆشی منداڵ و پۆرنۆگرافی منداڵ، کە عێراق واژۆی لەسەر کردووە، هەروەها ڕێنوێنییەکانی جێبەجێکردنی.

٨ بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەسەندنی منداڵ (لەوانە چاودێریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردە)، وەک لە دەستووڕ ڕەنگی داوەتەوە، لە چوارچێوە تەواوکارییەکاندا دیاریی کراون، وەک یاسای چاودێری ناکامەکان ژ. (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ و یاسای چاودێریی کۆمەڵایەتی ژ. (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠.

٩ بڕوانە ماددەی (٢٩) لە دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥

منداڵێک پێویستی بە پاراستنی تایبەت هەیە؛ بۆیە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری، پێویستە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی ‹سیفەتی منداڵی› و تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە بێت.

دادوەران بەرپرسیارێتییەکی جەوهەرییان لە ئەستۆدایە بۆ دابینکردنی پاراستنی پێویست بۆ منداڵان لە کاتی گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان و دەرکردنی بڕیارە شیاوەکان. لەم چوارچێوەیەدا، ئەم بنەما ڕێبەرانەی خوارەوە بە مەبەستی ڕێنماییکردن لە جێبەجێکردنی یاساکان داڕێژراون، بە شێوەیەک کە مسۆگەریی چەسپاندنی «سیستەمی دادوەریی منداڵدۆست» بکەن:

**تێگەیشتنی چوارچێوەیی (المنظور السياقي):** پێویستە «سیفەتی منداڵی» وەک بنەمایەکی لەپێشینە (أولوية) هەژمار بکرێت لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر منداڵێک کە بەرکەوتنی لەگەڵ سیستەمی دادوەریدا دەبێت. بۆیە پێویستە لە کاتی گرتنەبەری ڕێکارەکان و دەرکردنی بڕیارەکاندا، سەرەڕای ڕەچاوکردنی هەلومەرج و وردەکارییەکانی تاوانەکە، تیشک بخرێتە سەر تەمەنی منداڵەکە، گەشەپێدانی تواناکانی، پاشخان و ئەزموونەکانی ڕابردووی، و هەر خاڵێکی تری لاوازی یان هەستیاری وەک (ڕەگەز، نەتەوە، پێگەی کۆمەڵایەتی، پێداویستی تایبەت[١٠]، ڕەگەزنامە، یان باری ئابووری-کۆمەڵایەتی).

**ڕێبازە گونجاوەکان (الأساليب الموائمة):** لە حاڵەتی حەتمییەتی ئامادەبوونی منداڵ لە بەردەم لایەنە دادوەرییەکان، دەبێت ڕێکارە دادوەرییەکان بە شێوازێک ڕێکبخرێن کە لەگەڵ سروشتی منداڵدا بگونجێن. پێویستە دادگای تایبەتمەند بۆ ئەم ئەرکە هەبێت (ئەگەر لە توانادا بوو) و ژینگەیەکی منداڵدۆست بۆ چاوپێکەوتن و شوێنی چاوەڕوانی دابین بکرێت. دانیشتنەکانی دادگایی دەبێت لەگەڵ توانای جەستەیی و ئاستی سەرنجدان و تێگەیشتنی منداڵەکەدا بگونجێنرێن، و ڕێکارەکان بە زمانێکی ساکار شیبکرێنەوە کە لەگەڵ تەمەن و قۆناغی گەشەکردنی منداڵەکەدا هاوتەریب بێت. هەروەها پێویستە ئاسانکاریی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی ئاسوودەیی و سەلامەتیی منداڵان بکرێت، وەک ڕێگادان بە هاوەڵیکردنیان لەلایەن دایک و باوک یان کەسێکی جێی متمانە (بە ڕەزامەندی منداڵەکە)، یان سوود وەرگرتن لە ئامرازە تەکنیکییەکان بۆ پێشکەشکردنی گەواهیدان لە دوورەوە (الشهادة عن بعد) یان بە شێوەی تۆمارکراو. هاوکات، پێویستە کار بۆ پەیڕەوکردنی «ڕێکارە جێگرەوەکان» (التدابير البديلة) بکرێت لە جیاتی ڕێکارە تەقلیدییەکانی لێپێچینەوە؛ وەک ئاگادارکردنەوە، وەرگرتنی بەڵێننامە، پێشکەشکردنی ڕاوێژ یان سەرپەرشتیکردن، بەتایبەت بۆ ئەو منداڵانەی کە لە «ململانێدان لەگەڵ یاسادا» (الأطفال في نزاع مع القانون).

**پاراستنە پێویستەکان (الضمانات اللازمة):** پێویستە سەرجەم ئەو منداڵانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ دەزگاکانی سیستەمی دادوەریدا هەیە، لە هەر ئەگەرێکی زیانپێگەیشتن بپارێزرێن؛ ئەمەش لە ڕێگەی چەسپاندن و جێبەجێکردنی کۆمەڵێک «گەرەنتیی بابەتی و ڕێکاری» (الضمانات الموضوعية والإجرائية). دەبێت منداڵ مافی دەستڕاگەیشتن بە ڕاوێژ و نوێنەرایەتیکردنی یاسایی کاریگەر (التمثيل القانوني الفعال)، مافی ئەوەی کە گوێی لێبگیرێت، و مافی بەشداریی ڕاستەقینەی لەو ڕێکارانەدا هەبێت کە پەیوەستن بە کەیسەکەیەوە. هەروەها پێویستە ڕێکاری وورد و توندوتۆڵ بگیرێتەبەر بۆ پاراستنی تایبەتمەندی و نهێنیپارێزی (الخصوصية والسرية)، لەگەڵ پەیڕەوکردنی پرۆتۆکۆڵی تایبەت بە بەڕێوەبردنی داتاکان بۆ پاراستنی ناسنامەی منداڵ و دوورکەوتنەوە لە ئاشکراکردنی؛ ئەمەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی «پەڵەی کۆمەڵایەتی» (الوصمة الاجتماعية) و ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی قوربانیبوون یان هەر هەوڵێکی تۆڵەسەندنەوە بەرامبەریان.

**تایبەتمەندیی توانا و کارامەییەکان (التخصص وبناء القدرات):** پێویستە سەرجەم ئەو پیشەگەرانەی لە چوارچێوەی سیستەمی دادوەریدا مامەڵە لەگەڵ منداڵان دەکەن – لەوانەش دادوەران، لێکۆڵەرانی دادیی، ئەندامانی داواکاری گشتی و پارێزەران – بەشداری لە پرۆگرامەکانی بنیاتنانی تواناکان بکەن، بەتایبەت لە بوارەکانی مافەکانی منداڵ، گەشەکردنی بایۆلۆژی و دەروونی، و ئەو ڕێکارە دادوەرییانەی کە لەگەڵ پێداویستی و خاڵە هەستیارەکانی (نقاط الهشاشة) منداڵدا دەگونجێن. هەروەها پێویستە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و پشکنینی بەردەوام ئەنجام بدرێت بۆ دڵنیابوون لە شیاوبوون (الأهلية) و بێوەیی ئەو لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ منداڵدا دەکەن. پەیڕەوکردنی سیستەمێکی دادوەریی منداڵدۆست، لە ڕێگەی دامەزراندنی دادگای تایبەتمەند و دابینکردنی دادوەری ڕاهێنراو و توێژەرانی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە پاراستنی منداڵان لە ناو ڕێکارە یاساییەکان و بەدیهێنانی دەرەنجامی دادپەروەرانە.

**بڕیارە هاوسەنگەکان (القرارات المتوازنة):** پێویستە ئەو بڕیارە دادوەرییانەی پەیوەندارن بە منداڵانەوە، لەسەر

---

[١٠] منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ڕێژەیەکی ناهاوسەنگ لەناو سیستەمی یاساییدا دەبینرێن، و لەوانەیە ڕووبەڕووی بەربەستی گەورە و ناهاوسەنگ ببنەوە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سیستەمە و دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری.. هەموو منداڵان کە خاوەن پێداویستی تایبەتن شایەنی سەرنجی تایبەت و پشتگیرین بە درێژایی ئەم پرۆسەیە، ئەوەشمان لە یاد بێت کە دەبێت ئەوانەی گەشەی هزرییان دواکەوتووە یان خاوەن پێداویستی یان شڵەژانەکانی کۆئەندامی دەمارەکانن لە بەرپرسیاریەتی تاوانی بە دوور بگیرێن، بە گوێرەی بەشی (٢٨) لە کۆمێنتی گشتی ژ. (٢٤) لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ.

کۆمەڵێک ئیعتیبار و پێوەری بنەڕەتی بنیاد بنرێن. دەبێت ڕەچاوکردنی «بەرژەوەندیی باڵای منداڵ» – کە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ئەو دەرئەنجامەی کە سەلامەتی، ئاسایش، خۆشگوزەرانی و گەشەی بەردەوامی منداڵەکە مسۆگەر دەکات – لە پێشینەی هەر بڕیارێکی دادگادا بێت. پێویستە ئەو منداڵانەی مافەکانیان پێشێل کراوە، وەک «قوربانی» پۆلێن بکرێن، تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە گومانی تێوەگلان یان جۆرێک لە بەرپرسیارێتییان لێ دەکرێت. لە ئەگەری سەلماندنی سەرپێچی، دەبێت پرۆسەی «چاکسازی و تێکەڵکردنەوەی کۆمەڵایەتی» (إعادة التأهيل والإدماج الاجتماعي) لە پێش سزا بێت، بە ئامانجی چارەسەرکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی لادان. لە حاڵەتی سەپاندنی «ڕێکارە خۆپارێزییەکان» (التدابير الاحترازية)، دەبێت ڕێکارەکان لەگەڵ تەمەن، ئاستی پێگەیشتن و بارودۆخی تایبەتی منداڵەکەدا گونجاو و هاوتەریب بن. سزادانی توند، بەتایبەت ئەو سزایانەی دەبنە هۆی «بێبەشکردن لە ئازادی»، دەبێت وەک «دوا بژاردە» و بۆ کورتترین ماوەی گونجاو بەکاربهێنرێت، بە مەرجێک لە ژینگەیەکی سەلامەت و مرۆییدا بێت کە لەگەڵ پێداویستییەکانی منداڵدا بگونجێت.

## بەرەو داهاتووی باشتر

ئەزموونی هەر منداڵێک لە ناو ڕێکارە فەرمییەکانی سیستەمی دادوەریدا، ڕەنگە کاریگەرییەکی مەودادرێژ و چارەنووسسازی لەسەر ئایندەی هەبێت. دادوەران هەڵگری بەرپرسیارێتییەکی یاسایی و پیشەییی باڵان لە مسۆگەرکردنی پاراستنی منداڵان و چەسپاندنی مافەکانیان لە تەواوی پرۆسە دادوەرییەکاندا؛ ئەمەش بە شێوەیەک کە ڕێکارە یاساییەکان و دەرئەنجامی بڕیارەکان ڕەنگدانەوەی پێداویستییە تایبەتەکان و خاڵە هەستیارەکانی منداڵ بن و ڕەچاوی ‹قۆناغی منداڵی› بکەن. پابەندبوون بەو بنەما ڕێبەرانەی لەم بەڵگەنامەیەدا هاتوون، دەبێتە هۆی پەرەپێدانی سیستەمێکی دادوەریی منداڵدۆست (عدالة صديقة للطفل) لە ناو چوارچێوەی یاسا بەرکارەکاندا، و دڵنیایی دەدات لەوەی کە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان هاوتەریبە لەگەڵ کەرامەتی مرۆیی و بەها بنەڕەتییەکانیان. ئەم بابەتە، بەتایبەتی لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، بایەخێکی چارەنووسسازی هەیە؛ چونکە پەرەسەندنی خێرای زیانە ئەلیکترۆنییەکان و بوونی کەلێنی یاسایی (فراغ تشريعي) لەم بوارەدا، مەترسییەکی جددی بۆ سەر سەلامەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی منداڵان دروست دەکەن. پاراستنی منداڵان تەنها ئەرکێکی یاسایی و دادوەری نییە، بەڵکو وەبەرهێنانێکی ستراتیژییە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی بەهێز، دادپەروەر و گەشەسەندوو.

«منداڵ داهاتووی گەلە، بۆیە پاراستن و چاودێریکردنی منداڵ ئەرکێکی نیشتمانی و مافێکی بنەڕەتییە».

**ماددەی شەشەم لە یاسای چاودێریی کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠هەموارکراو**

لە بەر ڕوشنایی نەبوونی یاسایەکی تایبەتمەند و گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی ئستغلالکردن و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان بە ئونلاین لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەم وتارە پاراستنی یاسایی قۆناغی منداڵیی و کاریگەرییەکانی لە سەر ڕێکارە دادوەرییەکان دەخاتەڕوو. بە یەکخستنی بنەما سەرەکییەکانی دادوەریی منداڵدۆست، ئامانجی ئەوەیە بیرکردنەوە، گفتوگۆ و کردار لەنێوان کارمەندانی دادوەری پەرەپێبدات، بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە باشترکردنی لێکدانەوە و جێبەجێکردنی یاسا بۆ پاراستنی هەموو منداڵان کە لە سیستەمی دادپەروەریدا بەشدارییان هەیە لە کەیسەکانی ئستغلالکردن و خراپ مامەڵەکردنی سێکسی منداڵان بە ئونلاین.

**ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە:** ئایاری ٢٠٢٦

سیید ڕێکخراوێکی ناحکومی ناوخۆییە بە ڕابەرایەتی ژنان کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کاردەکات بۆ دروستکردنی داهاتوویەک کە هەمووان بتوانن تیایدا گەشە بکەن لە ڕێگەی پاراستنی ئەو کەسانەی لە بەردەم مەترسیدان و دەستەبەرکردنی مافەکان بۆ هەمووان. ئێمە کاردەکەین بۆ بەرەوپێشبردنی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی و پاراستنی منداڵان و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و باشترکردنی تەندروستی دەروونی و خۆشگوزەرانی. لە ڕێگەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە گۆڕانکاری ڕیشەیی دروستدەکەن و دەستپێشخەرییەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵگا و پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و پەروەردە و داکۆکیکردنەوە پشتگیری تاکەکان دەکەین و کۆمەڵگا و سیستەمەکان بەهێز دەکەین بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی بەردەوام.

خاوەنداریەتی ئەم وتارە دەگەڕێتەوە بۆ سیید. هەر بەرهەمهێنانەوەیەک یان بەکارهێنانێک، چ بەشەکی بیت یان بە تەواوی، بێ مۆڵەتی نووسراوی سیید ڕێگەپێدراو نییە. مافی لەبەرگرتنەوە پارێزراوە بۆ سیید، ٢٠٢٥.

ئەم بڵاوکراوەیە بە پاڵپشتی دارایی (Safe Online) بە بەرهەم هاتوو. بەڵام بۆچوون و دەرکەوتە و دەرەنجام و ڕاسپاردەکان کە لێرەدا گوزارشتیان لێکراوە تایبەتن بە سیید و ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی (Safe Online) نین.